# فەرتەنە!

ـ ماموستا فەرموو!
لە ژێر سێبەری دارێک لە پەنا ڕەزێک ،لەو قەدی کێوە ، چەند لاوی هاوتەمەن  کە هەموو پێشتر قوتابی خۆم بوون ، خەریکی خواردنەوە بوون!
هێشتا مابووی بگەمە لایان، یەکێک لە قوتابیەکان دووبارە فەرمووی کردمەوە :
ـ ماموستا ... فەرموو!
چووم ،لایان دانیشتم! سەرم سووڕمابوو! چزەمانەیەک تێکەوتبووین! پەردەیەک لە شکۆ و سام و شەرم لەمابەینی قوتابی و ماموستا دا نەمابوو!
منیش خۆم دایە ئەو باری بێ پەروایی :
ـ نۆشتان بێ! من ناخۆمەوە!
دایانە قاقای پێکەنین!
یەکیان دەستی لەسەر شانم دانا و پەرداخێکی بۆ ڕاداشتم!
ئەوانی تر وازیان لە خواردن و خواردنەوە هێنابوو و سەیری ئێمەیان دەکرد ! چاوەڕوان بوون بزانن من چ دەکەم!
زۆرجاران من،تاقیکاریم لەو قوتابیانە گرتبوو ، ئێستا خۆم کەوتبوومە بەر تاقی کردنەوە!
ـ کورینە من هاتووم بۆ پیاسە و حەزم لە کەژ پێوانە و هیچ نێوانم دەگەڵ خواردنەوە دا نیە!
دووبارە دایانە قاقای پێکەنین!
ـ ماموستا ! بۆچی دەگەڵ ئێمە ناخۆیەوە ؟ ئەو بەهانانە چین؟مەترسە بەوەندە وەندانە نە مەست دەبی و نە هیچت لێ دێ! کورە تو سەری من وەی خۆ!
هەموویان بە چاوی خوێن تێ چزا و مەستەوە ، لە ئێمەیان دەڕوانی!
لە دڵی خۆم دا ، سەد جار خۆم بە نەعلەت کرد : ئاخر بۆچی هاتوومە کێو؟ نەدەکرا هەر وەک هەینیەکانی تر هەر لە ماڵەوە دەگەڵ ژن و منداڵ بیگوزەرێنم؟بۆ...؟
ناچار دەستم برد و پەرداخەکەم وەرگرت!
هەموو چاویان بڕیبوو دەستی من ! ئەم جار هەموو بە ئاهەنگەوە هاواریان کرد : دەی وەی خۆ ! بژی ماموستا! بژی ئاغای....!
هەموو گیانم سەر ئارەق گەڕابوو !چاوی پاڕانەوەم بەم لاو بەو لا دا دەگێڕا! چاوەڕوانی پەرجوویەک بووم!
بە دەستی لەرزۆکم ، پەرداخەکەم بەرز کردەوە و بەرەو لای دەمم بردا! « قیر و سیا ، خۆ پێی نامرم ...» !
مابووی پەرداخەکە بگاتە لێوانم کە بە هاوارێک هەموو ڕاچڵەکین:
ـ ئەوە لێرە چ دەکەن ؟ بە نەعلەت بن ! داوەشێن کورە موسوڵمان! ڕەزەکەی منیشتان بێ بەرەکەت کردوە!
« فریشتەی نەجات » ،ڕەزەوان ، پیمەرەیەک لە سەرشان ، گەیشتە لامان !
تا چاوی بە من کەوت دەنگی پتر حەواڵا : چاومان ڕۆشن ! تۆ دەگەڵ ئەو هەرزە کارانە چ دەکەی ؟ دەڵێی گای نێو گوێلکانی!
کوڕەکان خێرا کەل و پەلیان پێچاوە و بە گەوە دا هەڵاتن !منیش ناچار دەگەڵیان دەرچووم!
ڕەزەوان هەر وا بەدەنگی بەرز تووک و دوعای دەکرد و جوێنی دەدا !
نازانم بۆ هەموو ئەوقسانەی کە لە دەمی ڕەزەوان دەهاتە دەر پێم وابوو گەوهەرن!
دەگەڵ یەکەم هاواری ڕەزەوان ، پەرداخەکەی خۆم لەسەر زەوی خاڵی کردبۆوە!

**

کوڕ و کاڵ لە بن دارێکی تر ، بارگە و بنەیان ڕاخستەوە و خەریکی ڕازاندنەوەی سفرە و شت دانان بوون !
جەسارەتێکم بە خۆم دا و بە فورسەتم زانی خۆم دەربازکەم :
ـ کوڕینە لای ئێوەم خۆش!
ـ بۆ کوێ؟ وەرە ئێستا بەزمەکە ساز دەکەینەوە!
ـ نا بەزیاد بێ! من بەشی خۆم جوێنم خوارد!

**

سەربەرەژێر بوومەوە!
نەدەڕۆیشتم !هەڵدەفڕیم! ڕام دەکرد! لەبەرخۆمەوە هەر ویرە ویرم بوو! گۆرانیم دەگوت !
دەتگوت لە بەڵایەکی گەورە نەجاتم بووە!

بانە ـ بەهاری ١٣٨٨